بۆکان لە مێژوودا (١٤٧)                ئەنوەر سوڵتانی

## "میرنشینەکانی کوردستانی رۆژهەڵات... "

ئەم کتێبە، "لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، رامیاری و ئابوورییە"، نازناز محەمەد عەبدولقادر "وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر" پێشکەشی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کردوە.

نووسەری کتێبەکە سوودی لە سەرچاوەیەکی زۆری کوردی و فارسی وەرگرتوە و زانیارییەکانی بە گشتی پشت ئەستوور بەو سەرچاوانەن.

بەشی دووهەم لە بەندی یەکەمی بەشی یەکەم، باسی میرنشینیی موکریانە و تێیدا دەنووسرێت:

"ناوی موکریان لە سەدەی چواردەهەمی زایینیەوە کەوتوتە لاپەرەکانی مێژوو"، کە بەداخەوە بۆ ئەم بۆچوونە سەرچاوەی رانەگەیاندوە بەڵام لە پەراوێزدا گوتوویەتی "خەڵفین دەڵێ ئەم ناوچەیە لە سەدەی حەڤدەوە ناونرا موکریان". ئینجا مەراغە، سەڵماس، شنۆ، لاجان، نەغەدە، ورمێ، ساین قەڵا، سابلاغ، بۆکان، میاندواو، خانێ، سەردەشت و نزیکەی ٧٥٠ گوندی وەک پێکهێنەرانی موکریان ناوبردوە و(لە زمان خەڵفینەوە) گوتوویەتی بە پیت ترین ناوچەی ئێرانە.

کتێبەکە بە شێوەیەکی ئاکادێمیک دارژاوە و لە بەشەکانی دواتردا باسی پەیوەندی موکریان و سەنتەر واتە حکوومەتی ناوەندی ئێران و هەروەها باسی پەیوەندی میرنشینە کوردەکان لەگەڵ یەکتر وبۆ نموونە، پەیوەندی موکریان لەگەڵ ئەردەڵان و سۆران دەکات و لە بەندی سێهەمدا دەچێتە سۆراغی هۆکارەکان و چۆنییەتی لەناوچوونی میرنشینەکان – بە موکریانەوە.

لە باسی پەیوەندی موکریان و سەنتەر، نووسەر نموونە لە "عەزیزخانی موکری" دەهێنێتەوە[یەکەم سەرداری بۆکان]، کە گەیشتە پلەی سەرداری گشتی لە ئێران و بوو بە زاوای "ئەمیرکەبیر"ی سەدری ئەعزەمی ئێران (لاپەرە١٥٨) و دەڵێ جیاوازیی فەرهەنگ و ئایین لە نێوان موکریان و حکوومەتی ناوەندیدا بوو بە هۆی گرژتر و سارد تر بوونی پەیوەندییەکانیان(لاپەرە ١٥٩).

ئەم لێکۆڵینەوە بەنرخەی نووسەر لە بەندی سێهەمدا دەگاتە ناساندنی هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی میرنشینی موکریان کە "توندوتیژی و بەرهەڵستکاری و هەڵوێست وەرگرتنیان[بەرانبەر بە حکوومەت] بە درێژایی مێژوو، وەک هۆکاری کوژرانی هەزران لاوی موکری دادەنێت (لاپەرە١٧٩)و لە روانگەیەکی چینایەتییەوە ناوچەکە هەڵدەسەنگێنێت کە لە چاو گە لێک لە سەرچاوەکانی دیکەی بەردەستی ئێمە، کارێکی پێشکەوتووتر و زانستییانەترە(لاپەرە ١٧٩).

بە گشتی، خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ توێژینەری مێژووی بۆکان – وەک بەشێک لە میرنشینی موکریان پێداویستیەکی گرنگە و هیوایە چاومان بە نامەی کۆتایی ماستەری نووسەریش بکە وێت.

نازناز محەمەد عەبدولقادر، "میر نشینەکانی کوردستانی رۆژهەڵات لە سەردەمی فەرمانرەوایی قاجارەکاندا – لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، رامیاری و ئابوورییە"، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٢، ٢٤٥لاپەڕە، کوردی